www.kurdistannet.org
25-11-2005 13:58 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## یەک دەگرنەوە!!... بیلال سعید

یەك دەگرنەوە و كەی و كەی یەك دەگرنەوە بووەتە بنێشتی سە ر زا ری بەرپرسی حزبی و كارمەند و لێپرسرا و و روژنامە و تەنانەت منالّە كانی گەڕەكێش تێگە یشتون كە دووحزب هەیە ناوی یەكیتی وپارتیە و دووئیدارەیان هەیە ناتوانن ریك بكەون، ئەویش لەبەر چی لەسەر ماوەی سەروكایەتی یان یەك دو وەزارەت یان چەند مودیر عامیك وەك خویان باسی لیدەكە ن. وەك بلّی ئەم دووحزبە تائیستا سەروكایەتی یان وەزارەتیان بە خوَیانەوە نەبینی بی و لە مە مملەكەتیكەوە هاتبن كە نە نا وی دەولەت و دەسەلاتی تیانەبووە بەلكوَ ئەگەر هەبووبیتیش ئەمان حزبی بچوكبووبن وەحزبی تر حكومەت بە دەستیانەوە بوبی وە ئەمان بە عە زرەتی وەزاەت و حكومداری بن ودەستیان نەكەوتبیت یان وەزارتیكیان بە رەوا نەبینرا پیان بدری. بەلام ئیستا كە میللەت خەریكە لە دڕوو دەلە سە كانێان تێدەگات وە خەڵكی نائومید بووە لێان بە هوی ئەوهەمووگەندەلی وفەسادیەی كە لە كوردستان هەلێان ساندوە وە وایان لەم خەلكە كردوە كە را پرسی لە سەر دەستوریك كە مافە كانی خوی دیاری دەكات بە ساردوسڕیەوە بەشداری كرد بە هوَی كردەوە گەندەلە كانی ئەوانە و ە زوربەی خەلكی وا تیگەیشتبوو كە دەنگ بە حزبە كان دەدا كە دەروات بوو دەنگدان، لە كاتیكدا چەند سالّە خوێنی بوَ دەڕیژی ومە ینە تی لە پیناویدا دەدات، بەلام ئێستا گەیشتونەتە ئەو رایەی كە خەلكی بیزارە لیان وەدەیەوی ئەم وەزعە بەم شیوەیە نەروات بەلكو هیزیك هەبیت بوو ئەوەی خەمی خوی لا هەلبریژیت وەگوی لێبگریت وەبەدەم كیشەكانیەوە بیت لە كاتیكدا زوربەی ئەو حزبانەی كە هەردو ئیدارەی هەولیرو سلیمانی بە گەندەلی وەفەسادی ئیداری وكەمتە رخەم دادەنین لە ئاست ئەم هەموو كیشەی كە لە كوردستان روودەدات بەلام زور بەداخەوە لە گەل ئەو هەموو تیبینی وگلیانەی كە هەیان بوو جاریكی تر روشتنەوە پال ئەو لیستەی كە یەكیتی و پارتی تیدایە كە هەر ئەو حزبانە بوون كە لەراگەیاندنەكانیانەوە باسیان لە گەندەلی و فەسادی ئیداری وكەمتەرخەمی حكومەتیان لە قەلەم دەدا، لەكاتیكدا سالّی رابردوو لیستی هاوپەیمانی كوردستان كومە لیك دروشمی كردبوە هوكاریك بوو ئەوەی خەلكی كوردستان دەنگی پیبدات وەك یەك گرتنەوە دووئیدارە و نەهیشتنی كیشەی سووتەمەنی و چەندان دروشمی تر....... نەك زوربە یان جیبە جی نەكرد بەلكو لە سەدا یەكیان جی بە جی نەكرد، بەلكو لە جیاتی كەم كردنەوە ئەو هەمووكیشە یەی كە سالّی پار هەمانبوو ئەمسال ئەگەر نەبووبیتە دووقات ئە وهەر وەك خوی ماوەتەوە، حزبەكانی نیو لیستی هاوپەیمانی ئەگەر سالی پار بیانوتان هەبوو بوو ئەوەی بتوانین زور بە ی مافە كانمان لە دەستور بچە سپیت و وە بە پیویستان دانا كە بە لیستی رووبە روی ئەو هەموو هیزە عیراقیە ببنەوە لە پەرلە مانی عیراق، ئەی ئەمسال دەلین چی حزبەكانی نیو لیستی ها وپەیمانی لەبەر كیشەی كوردو یان كیشەی كەركوك چەندین شتی تر ئەی بوو نالین لە بەلر ئەوەی ئەندامانمان تووشی گرتن و لیدان نەبنەوە لەبەر ئەوە یاسا لەم وولاتە بەر قەرار نەبووە، ئەی بوو نالین ئەمە بیی كیشەیە وە یەك دووئەندم پەر لە مانیكمان دەدەنی یەكیتی وپارتی ئیمە ش خومان لەم بەزمەی هەلبژردن بەدور دەگرین هەم خومان وهەم ئەندامانما ن، ئەی بو نالین لە ترسی ئەوەی كە نەوەك نەتوانن كورسیەكی پەر لەمان بە دەست بهینین چەندان ترسی

تر....... تاکەی خوتان وئەندامانتان هەل دەخەلەتینن تاکەی ئەندامانتان وارا دەهینن کە وەزعی کوردستان ترسە و واپیویست دەکات کە یەك لیست بین لە گەل یە کیتی وپارتی من بە توی خوینە رو حزبە کانی نیو لیستی هاوپەیمانیش دەلیم تو زەمیری خوتان یەکیتی وپا رتی لە بەر کیشەی کورد یەك لیستیان دروست دەکرد یان لە ترسی ئەوەی کە یەکتری قبول نەکەن وشە ر دروست بیتەوە لە نیوانیان، بەلام لە یەکگرتوو بە زیاد بیت وا خەریکە لە ترسی ئەوەی نەوەکیەکگرتوو زور دەنگ بە دەست بهینی یەکیتی واپارتی وا تازە بە تازە خە ریکن کووبوونەوە کانیان چر کردوەتەوە و باس لە یە ك گرتنەوە دەکە نەوە خوزگە و سەد خوزگە ئەو حزبە کانی تریش بە جیا دابەزیبانایە بزانە چون ترسیان لیدە نیشت وە بە پە لە تر هەوڵی یەك گرتنەوەیان دەدا، دەست خوش بوو یە کگرتوو کە گومە کەی شلە قاند دەست خوش بوو یە کگرتوو کە ترسی دروست کردوە بو هە ردو دەسەلات بوو ئەوەی بخویاندا بچنەوە و مافە کانی هاوولاتیان دابین بکەن دەست خوش بوو یە کگرتوو کە تە نها بە جیا دابزینت بووەتە هوکاریك کە هەردو پارتی سەرە کی پە لە بکەن لە یە کگرتنەوە ی هەر دوو ئیدارە کە.

کەلار
belalsaidsald@yahoo. com